چیرۆک



ئەدیب نادر

# دنیایەک لە کاغەز



ئەو تۆپە زۆر دوورە بەڕەونەوقەی کە جارانی زوو وامدەزانی میوەی درەختی شینباوی ئاسمانە، بەنەریتی دێرینەی خۆی گەلێک دۆستانە نەبوو، زەوقێکی سنوور بەزێن بەپەلی ئاسمانەوە قەتیسیان کردبوو، هەر لە بەیانییەوە، بەرلەوەی پاسارییەکان جووکەجووکیان تێ بگەڕێت، دەیویست وەکو سەموونێکی گەرم بەهاڵاوەوە بێتە نێو ماڵەکەمانەوە، منیش کە تازە بەرماوەی خەونێکی تەڕم لە نێو پێخەفدا جێ هێشتبوو، بەخرۆشانەوە دەمویست بێتە نێو هەناوم و چاوبرکێ گەرمەکانی تێدا پەخش بکاتەوە، نەمدەزانی ئەم ویستەم چیی دەگەیاند، بەڵام لە قووڵایی هزرمدا رایەڵێکی لەگەڵ خەونەکەمدا دروست دەکرد.

دنیا لە چ مانگێکدا بوو؟ پەی پێ نەدەبرا، چونکە تێکڕای مانگەکان وەکو یەک پۆشاکی ئەستووری گەلۆرییان پۆشیبوو، هەموو شتێکیش رەنگی زەردی وشک هەڵگەڕانی لەبەر کردبوو، تەنانەت ئاسمانیش وەکو کاغەز سپی سپی هەڵگەڕابوو.

پوورە شەکرم، بەعادەتی رۆژانەی خۆی عەباکەی هەڵگرت و بەرەو دەرگە دوودەرییەکەی دەرەوە چوو تا لەوێ دوای تەماشاکردنێکی لاپرەسەنانەی ئەملاوئەولا لەسەری توندی بکات و بۆ دوکانەکەی سەعەی برایمە کەچەڵ بچێت، باوکی ئەو سەیفە سوورەی کە لە سەر کۆتربازی لە ئاسمانێکی نەزۆکدا بوو بەفڕین و هەمیشە نیشتنەوەی بەمەحاڵ سپارد. من خۆیشم ئەو سەروبەندەی کە سەیفە سووری تێدا دیار نەمام چاک وەبیردێتەوە، هێشتا نەگەیشتبوومە تەمەنی قوتابخانە، زوو زوو رۆژانەکەم دەبرد و نوقڵ و نەبات، مەسکەت، کونجی و زۆر جاریش کە پارەکەم بۆ چەند رۆژێک کۆ دەکردەوە میرەندا یان سینالکۆ و پسکیتە و وشتردارەکانم لێ دەکڕی.. ئەو حەلە هەرچی چۆنێک بێت تام و چێژێکی دانسقەی بۆ یادم هەبوو، ئەو یادەی کە ئێستا خەونەکانم بەسرسرە دزێوەکان قانگ دەدات، بەڵام ئەم گەڕەکە هەر لە دوای دیارنەمانی سەیفە سوور و تارومarبوونی کۆترەکانەوە، دەعجاوە، خەڵکەکە هێندەی دیکە بەدنیای نهێنی گەمارۆ دراون، خۆیان بەشتی عاجباتییەوە مژووڵ کردووە، پەنامەکییان لە جارانیش قایمترە.. سارد و سڕییەکی رمۆک و خۆڵەمێشیش ئاسۆ دیودەرەکەی جارانی رەنگرێژ دەکات و کراسی رەش دەکاتە مۆدە بۆ زۆربەی تولازە خۆ بەخەم رتووش کردووەکانی. وەکو وتم، تەیاربوونی پوورە شەکر، هەر هەڵگرتنی عەبایەک و جزدانەکەی بوو، جزدانە دەم مارییە بچکۆلانەکەی هەر لە ناو لەپیدا دەمایەوە و عەباکەشی لە نێو دەمی دەرگەکەدا، لە لێواری سەری خۆی گیر دەکرد،

وەک بڵێی بوونی خۆی پێ بشارێتەوە، دەستەکانی بەملا و بەولادا فش دەکردەوە و سۆڵە شینە پاژنە دارزاوەکانی کە هەر دەتگۆ کاریلەیەک کرۆژتوونی و کاوێژی پێ کردوون، سەر پێی هەڵیکێشابوون، بەخشەخشی دەهێنان و نیمچە سەربازانە دەکەوتە رێ، گەلێک حەزی لە گفتوگۆ و دەمەودووی ئەو پیاوە سەر بەکڵاوە دەکرد، وێڕای ئەو رووداوانەش کە زیندەگییان تەفروتونا کردبوو، کەچی پوورە شەکرم دەیگۆ ئەو زەلامە درک بەوە دەکات کە دەبێ سەرباری هەموو شتێک ژیان هەر بەردەوام بێت. هێندە بەنەترە و هێز بوو کێشی رابردوو نەدەکارا هێند بۆ سەر زەمینی شتەکان و سەربەهووردییەکانی جاران رایبکێشێ و لەوێدا، لە هەنووکە دوور سندم کوتی بکات، ئەو هەنووکەی بۆ ئایندە هەڵبژاردبوو، دەبووایە پڕکێشی هەبێت و لەگەڵ هاتوودا هارمۆنییەک وەدی بهێنن، ئەو هاتووەی کە هیچ کەسێک پێشبینی ئەوەی نەدەکرد بەئاقاری هێمنی و ئاسوودەییدا شۆڕبێتەوە.

هەر کە عەباکەی بەسەردا دا، دیمانەی هەڤاڵی خاڵۆزام دەرکەوت، هەڤاڵ دەزگیران و مارەبڕیشم بوو، نەوجەوانێکی ئاسایی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر بایەخی بەخۆی دەدا و پاک و تەڕپۆش و بەبریقەوباق بوو، کەچی بێ پسانەوە هەستێکی ئەوتۆی لە ناخمدا دەرسکاند کە روحی خۆی دۆڕاندبێ، تێڕوانینێکی ئەوتۆم لەلادا پەیدا بووبوو کە منی خستبووە سەر ئەو بڕوایەی وەکو ئەو کەسە وایە کە هەر تەنیا بۆ نەمان ئامادەیە، هەر تەنیا بۆ نەمان دەژیت و بەس.. هەر لەوێوە گوێم لێ بوو پوورم بەخێری هێنا و وتی «زۆرم پێ ناچێت..، جگە لەوەش، خۆ تۆ میوان نیت، ئەویش بەشەرمە دزێوەکەیەوە، کە هەر بۆ ئافرەت! باش و لەبار بوو، هاتە ژوورێ، رەختێکی قاوەیی کونج کونجی لە بەردا بوو، جێتراشی سەر روخسارەکەی کەسکێکی کاڵ بەدیار دەکەوت و سمێڵە چڕ و پڕ و تۆخەکەی بواری بۆ رەخساندبوو کە چمکەکانی وەک هینەکانی سوڵتانێک با بخوات و بەجۆرێکی ئەنگێزەوارانە چاوە بێ رەونەقەکانی بەرجەستە بکەن. ئەو دەمە زۆر بەسەر ئەوەدا رانەبردبوو کە لە ئامۆژگاری مامۆستایان دەستم بەخوێندن کردبوو، خۆم بەکەسێکی تەواو جیاواز وێنا دەکرد، زۆر شتیش لە سروشت و تەبیاتمدا کۆڕانکاریی بنەڕەتی بەسەردا هاتبوو. مگێزی گواستنەوە و هاوسەرگیری لە ناوەوەمدا پەڵەی دابوو، رەنگە بتوانم بڵێم لە مگێزیش دوورتر کەوتبووەوە. بووبووە شتێک بەحەز و تامەزرۆیی پێناسە نەدەکرا، هەر بەدەردراوەی بورکانێکی تەقیو و بەجۆش کەوتوو شەباهەتی پەیدا

کـردبوو. مـن لەوانە نەبـووم کـە گـرەو لەســەر ئومـێـدە تورەهـاتەکـانی ئـایندە بکـەم، کـە لە چاوەڕوانی تێ دەهزریم، وەکـو کـردەیەک پێ داگریم لەسـەر نەدەکرد، بەڵکـو گـەرەکم بوو لە ژیانمدا کاڵی بکەمـەوە، بەتەمای ئەوە نەبووم، وەکـو خەڵکێکی زۆر، زەمەن بکەمـە سەرپشک بۆ چارەسـەرکردنی دەرد و چەرمـەسـەرییەکانی ژیان، دواسـا بەکالیتـەی ئێستـاکە قـایل بم و... بەڵام ئەو هـەردەم لەگـەڵ دواخـسـتنی شـتـەکـان بوو لەسـەر حـسـێبی هاتنە پێشـەوەی بێوەری. دوای پێ داگرییـە چرووپرەکانیش ئیتـر وەکو شـتێک هەستم کرد کە ئەو خـاوەنی خـۆی نییـە، لەوەش بێ ئومـێد بووم کە بێتـە دەنگ و رۆژێک حـەزی گوێ لە گۆرانی گرتنم بداتە بەر رێژنەی هـەندێ مـێلۆدی خۆش و بەتام.. ئای چەندم پێ خـۆشبوو جـاروبار خـەیاڵم لە گـــۆرانی هـەڵکـێــشــێـت.. بەڵام لـەو روحـــە لە بـارچووەی ئـەوەوە!؟ دەرچێت...؟! بـاوەڕم نەدەکرد، چیتـر بـاوەڕم بەوە نەدەکرد بەئـاواتێکم بگـەم نەک بەکۆی ئاواتەکـانم.. ئەو سـەرومڕ «چاوەڕێبە»ی بەزاردا دەهات، هەمیشە کلێشەیەکی بێرەنگی بۆ پرسیارەکان دەکرد بەوەڵام و دەیگوت: «دڵنیـام کە بارێکی باشـترمـان بۆ دێتە کـایەوە، دڵنیـام شـتـەکـان دەگۆڕێن..» هـەمـیـشـە دڵنیـایی دەسکـەلای قـسـەکـانی بوو، بەڵام من بەپوولێ ئەو قـسـانەم نەدەکـڕی.. بەڕاستیش بەهیچ کلۆجێک ئەوە لـە خۆم ناشارمـەوە کە تامـەزرۆی ئەوە بووبووم رووبارێک لە گمەگمی ئەو کۆترە چەپێنراوانەی ناخم بخوڵقێنم، لە گوناهـە بێشومارەکانی بیرکردنەوە بمپـاڵێـوێ، لەو وەسـوەسـە شـەیتـانیـیـانەی غـایەلە پاکم بکاتەوە.. دەتوانم چی لە بارەی بیرکـردنەوەوە بڵێم، لەوە زیاتر کە لەزەتبەخشـترین حاڵەتی بوونە و هاوشـان شک نابات. وەلێ ئەو، سـووربوو لـەسـەر ئەو شـتـەی کـە بـەبڕوای من هیچ بەروبـوومـێکی بۆمـان وەدی نەدەهێنا.. تەنـانەت ئەو لەگەڵ هـاتن و سـەردانەکانیا ئیـتـر دەبووایە لەگـەڵی کـۆچ بکـەم، بۆ نێـو دنیـای کاغـەز کـۆچ بکـەم.. جـاروبار بەخـۆمم دەگوت رەنگە رۆژێک خـۆزگە بەو کـتێبـانە بخـوازم کە ئەو هـەمـیشە کـەڵکەڵەی خـۆی پێ قانگ دەدا، خـۆزگە بخـوازم کە کـتێبـێک بم بۆ ئەوەی تۆزێک لە ئامێزیدا جیگەم ببێتەوە.. بەتایبەتیش ئـەو پەرتووکانەی کە چەشنی ژێدەر وا بن و زوو زوو بگەڕێتەوە سەریان.. تا زوو زوو باوەشـی ببێتە جێسەقامم!!

لە ئـامـۆژگـا، زۆر بەوردی چـاوە گـەورە تیلـەکانم دەکـەوتنە چاوشـارکێ کـردن لەگـەڵ ئەو زاراوە تازانەی کە لـە کتێبی زانستـە دەروونییەکاندا دەمخـوێندنەوە، یان ئەو کتێبـانەی کە کیژە هـاوپۆلەکانم دەیانـهێنا و وەکـو نوشـتـە چەند بەرگێکی رندیان تێ دەگرتن و دەبووایە

بەدزییەوە بیانخوێنینەوە، چونکە دەربارەی بەیەک گەیشتنی ئەو ئەندامانە بوو کە بوونیان لە بوونی خۆمان تۆختر بوو، هەمیشەش بەرجەستەی نێو خەیاڵ و بیرکردنەوەمان بوون و کەچی هەموویشمان لە بەرچاوی یەکتری ناچیز و پەراوێزخراو پیشانمان دەدان و سەرسەختانە هەوڵی ئەوەمان دەدا سەرکوتیان بکەینەوە.. وەکی تریش هەموو شتێکی هەڵکردنمان بوو.. نەشدەبووایە کەس بزانێت کە ئێمەومانان تەقەللای ئەوە دەدەین شتێک دەربارەی پێکهاتەی زایندنی خۆمان بزانین، نەدەبوو، ئەگینا ناومان دەزڕا..! کە دەمخوێندەوە، چەشنی پیاسەکەرێکی نێو دارستان وابووم، لاپەڕەسەنی بەرەو دنیاکانی خەتەرناکی رەوانەی دەکردم، هۆرمۆنە ئاڵۆزەکانی مێیینەییم زیاتر و زیاتر دەردەدا، دەموسیمام دەگۆڕا، لووتم شەکڵێکی سەمەرەی وەردەگرت، کە بەچاوێک سەیرم دەکرد هێندەی کێوێک لێم قوت دەبووەوە.. دەمویست پراکتیزەی ئەو حاڵەتانە بکەم، ئەو شتە بدۆزمەوە کە هەڵوەدای بووم و نەمدەزانی چییە! یاخۆ بەدووی رەگوڕیشەی بڕێک لەو هەستە غەوارانەمدا دەگەڕام کە بۆ خۆم لە وزە و توانامدا نەبوو پێناسەیەکی ماقووڵ و بەجێیان بۆ ببینمەوە. بەڵام وێڕای ئەوەش زەمینەی ئەوەم لەلادا خۆش بوو لە زۆربەی شتەکانی زێوارم مکوڕ نەبم، ئەو شتانەی کە بەدرەخت دەچوون و میوەکانیان نەدەبووایە تام بکرێن، نەدەبووایە دەستیان بۆ ببرێت!

وەکو پوورە شەکرم وتی، ئەو لێرەدا غەریب نەبوو، وەژوورکەوت و لە بەرامبەرمدا وەکو بارستاییەک لە شەرم و پەیکەرێک لە ئاکار قیت بووەوە و دەنگی پووریشم هێشتا نەڕەویبووەوە و ئاسەواری رستە سادەکەی تازە خۆی لە گوێچکەکانمدا هێنایە زایەڵە.. ئێستا دێمەوە، هێندەم پێ ناچێت.. من چۆن کەوتمە ئێرە؟ مەبەستم چۆن کەوتمە لای پوورم! لەوانەیە بەسەرهاتێکی عاجباتی و سەمەرە نەبووبێ، ئەویش لەبەرئەوەی کە پەیدەرپەی دووبارە بووبووەوە، نەک هەر لێرە، بگرە لە شوێنانی تریش چارەنووسی هاوبەشی ئاوها هێند ئاسایی بوو زوو زوو خۆی دووپات دەکردەوە، وەک بڵێیت بارانی زستان بێت. بەشێوەیەک کە دەکرێ بڵێم ئەمە هەر تەنیا سەرگوروشتەی من نەبوو، بەڵکو حیکایەتی ئاسایی حەشاماتێکی زۆر بوو.. کەس نازانێت، نا، بەپێچەوانەوە هەموو دەیانزانی بۆچی دایکم رەدووی عیزرائیلی کەشخە و هەمیشە جەحێڵ کەوتبوو، کاتێک کە من شەش یاخۆ حەوت ساڵ ژیانم بەبەر بووندا نەکردبوو، کە لەوانەشە تا هەتاهەتایە

چەشنی نهێنییەکی ئیلاهییانە خۆیمان پیشان بدات و ئاوا بەرقەرار بمێنێتەوە، چونکە خەڵکی ئێروکانە حەزیان دەکرد خواست و تەلیسمێکی ئیلاهی بەسەر هەموو شتێکدا بدەن.. ئەگەرچیش کە من پتر بەسەربوردە و رەفتاری سەیر و نامۆی باوکم حەپەساو و بەنگ بووم و بە ستەم و غەدرێکی ناقۆڵا و درندەیشم دادەنا دەرهەق بەخودی خۆمم و نەشمدەتوانی دڵگیری و پەستی خۆم بشارمەوە.. سەروسەکوتی بێبەزەیی باوکمم قەت لێ دوور ناکەوێتەوە و لەو باوەڕەیشدا نیم کە قەتاوقەت بتوانێ لێبوردنم دەستەبەر بکات، چونکە ئیتر من لە تەمەنێکدا بووم نەدەبوو ئاوها، چوون رۆژێکی گوزەر کرد و پشتم تێ بکات و ببمە بەشێک لە تانوپۆی رابردوویەک کە ئەو هەرگیز نۆستالژیای بۆ نەبوو، ببم بەبەشێک لە ئەنگێزەی رق، رق و تۆڵەسەندنەوەیەکی بەرایی... ئەو دەمانە هەستم دەکرد کە ماتۆڕە هۆندا زەیتوونییەکەی زۆر لە من بەبایەختر بوو، هێند بەدەورویشتی ئەودا دەهات و خزمەتی دەکرد یەک لە سەدی ئەوە لای لە من نەدەکردەوە و دەربەستم نەدەهات. سالانێک دواتر، پوورم، کە سەرچاوەی زۆربەی زانیارییەکانم بوو، ئاگەداری کردمەوە لەوەی کە بەبۆنەی ئەوەی نەسرینی کچی فاتە پاڵەوانی حەڵواچیش گرەویدەی ئەو ماتۆڕە بەبریق باقە شەوەییە بووبوو، ئاواهی رۆژێک کەوتە بەسەرکردنەوەی ئەو رابردووەی کە من دەمویست قەرزارباری بم، بەلام... ماتۆڕەکە نێوەندچییەک بوو پێکەوە گرێی دان و رۆژێک پریاسکەیەک جلوبەرگی پیاوانەی بۆ هاوێشتە حەوشەکەوە و سبەی رۆژی دواتر وەکو تولازێکی بۆشناخ ئاستانەی ئەو دەرگەیەی بۆ هەمیشە بەجێهێشت کە هە کەسێک بەڕێخستنەکانی سپێدەی باوکی وەبیر دەهێنایەوە، بۆی قوت نەدەچوو، ئەگەر پێی قوتیش بچوایە ئەوا هەرسکردنی مەحاڵ بوو. خەڵک لێکدانەوەیەکی ئێجگار زۆریان بۆ ئەو سەرهاتە هەبوو، کەس نەیدەزانی بۆ، وەلێ هەندێک دەیانگوت بۆ ئەوە بووە کە لووتی باوکی لە هەشەوە بژەنێت و هەندێکی تریش دەیانگوت لەبەرئەوەی رازی نەبووە بیدات بە «سیلە لوبنانی» بۆیە سەری شۆڕ کردووە، ئەوانەیش کە لەعنەتیان بۆ دەنارد تفێکی بچکۆلەیان هەڵداوێشتە بەردەمی خۆیان و پێیان لێی دەنا و دەیانگوت.. رەگەزی ژن... و سەریان بەغەزەبەوە رادەوەشاند. زۆری نەبرد فاتە پاڵەوان ماڵەکەی بەباشوورییەک فرۆشت و دیار نەما.. دوای چەندانێک وتیان بەعەرەبانەیەکی دەستگێڕ کۆلانە دوورەکانی شار تەی دەکات و کونجی و لوقم مەسکەت و ماجوومی و گەزۆ وردەواڵەی لەو بابەتە بەمندالان

دەفرۆشێ... دوای ئەوەش بەڕێکەوت لە نێو تاکە ڕێپێوان و ڕاپەڕینی قوتابیاندا کەوتبووە نێو ئابڵووقەوە و لەگەڵ ڕەوتەکەدا بەناچاری لە میانەی ترسدا خل بووبووەوە خوارەوە و نەجۆ شۆڕاویش بەپوورمی گوتبوو عەرەبانەکەی بووبووە هێلانەی نەزۆکی فیشەکە وێڵەکان و.. خۆیشی.. بێسەر و شوێن بوو.. تەنیا شتێکیش کە لێی جێ مابێت و سێبەرێکی چەسپیو بێت بەبوونییەوە، ئەو لەکەیە بوو، کە وەکو دەشیان وت هەر تەنیا خوێن دەیسڕییەوە.. تۆ بڵێی ئەوەی فاتە پاڵەوان بەپێچەوانەی ڕێساوە خوێنی خۆی سڕیبێتییەوە؟ نەسرینیش، کە لە پشتەوەی ماتۆڕەکەدا جێگیر بووبوو، دەستەکانی کەمەری ئەویان بەگەمارۆ سپاردبوو، شیفتەی ئاژووتنێکی هێجگار سەرشێتانەیان کردبوو، ئاژووتنێک کە تەنانەت سێبەرەکانیشی لێ کردبوون بەخەنیم و سڵێکی ئەوتۆیان لەلادا کەوتبووە چەکەرەوە وەکو با لە هەموو شوێنێکدا بوونیان هەبێت و دەرکەوتوویش نەبن. بەدرێژایی ئەم ساڵانەیش کە پوورە بێوەژنەکەم- چونکە مێردەکەی لەو سەروەختەدا کە ڕای کردبوو، ئیتر نەگەڕابووەوە، دواتر پێیان وتبوو لە بنارێکی دووردا سووژدەی هەتاهەتایی بۆ شاخێک بردووە - منی وەخۆوە گرتبوو، چەشنی پرسیارێکی فرە تەلیسماوی بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشام و پەلکێشی شوێنێکی ئەوتۆی دەکردم کە ببڕای ببڕ پیت و فەڕی ئەوەی نەبوو وەرامی تێدا بڕوێت! چونکە پاش مردنی دایکم ژیانم بووبووە تاکە پرسیارێک و هەموو ڕۆژێ ڕوواورووی پوورمم دەکردەوە، بەتایبەتی ساڵەکانی سەرەتا، خولیام پێوە گرتبوو، هەمیشەیش دەمگوت: «توخوا پووری دایکم لە کوێیە؟» ئەویش بەڕەنجەڕۆییەکەوە کە من نەمدەتوانی بەجوانی بیخوێنمەوە دەیگۆ: «کچە شیرینەکەم چووە بۆ سەردانی شێخ محێدین!» ئەو عانە لەم دەستەواژەیە حاڵی نەدەبووم، نەمدەزانی چ دەگەیەنێت، هەموو ناکاوەکانیش کە دەنگی قڕەقڕی ئۆتۆمبێلێکم دەهاتە بەرگوێ، دەپاڕامەوە و دەلالامەوە و دەمگوت، «توخوا پوورە شەکر با بچم بزانم دایکمی تێدایە!» وا ڕووی دەدا کە هەندێ جار فرە بەو پرسیارانە شێلوو دەبوو، بێگومان منیش هەر لەوە سەرومڕ بووم کە زیاتر نیگەرانی بکەم، هەتاکو ڕۆژێک ئیتر هەرزەکاریم بووە باڵندەی کڕکەوتووی سەر هێلکەی پرسیارەکان و لەوە تێ گەیشتم کە ئەو جێ سەردانییەی دایکم هەر لێی نەدەگەڕایەوە گۆڕخانەیەکی ناو جەرگەی شارەکەیە و ئەویش هەرگیز وەڵام شکنابات، ئەوساکە ئیتر ئەو پرسیارە درکی بەخەفەبوونی خۆی کرد و منیش قڕوقەپم لێ

کرد و چیتر چەقەسرۆییم دەربارەی ئەوە نەکردو وازم لەوە هێنا کە سەروپۆتەڵاکی بەرسڤە مەحاڵەکان برنمەوە. پاش ئەوەی کە چەشنی دوو تەوەرە یەکتریان بڕی و دوو ئاڕاستەی جودا لێکی دوور خستنەوە، ئەو لەولامەوە رۆنیشت و پووریشم بەو هەویایەوە رەوییەوە کە چەند خولەکێکە و دەگەڕێتەوە هەتا بەتێروتەسەلی لە باس و خواسەکانی دنیای ژێرزەمینی و ئەو بابەتانە گوێ رادێرێ کە بەئاشکرایی قەدەغە بوون.. منیش ئومێدی ئەوەم خواست خولەکە سوکەڵەکانی ئەو، بەستەڵەک بیانتەزێنێ و هەندەی بێکۆتا دوور و درێژیی بەخۆوە بگرن. دەمویست، یاخۆ چیتر وایە بڵێم بەرنامەی ئەوەم بۆ دانابوو بیخەمە نێو لابۆرێکی نادیار و ئەزمایشێکی لەبار و پڕ بەپێستی بۆ بکەم، چونکە من لەو بڕوایەدا بووم تخووبی ئەفسانەکانم بەجێ هێشتبوو و گەرەکمە راستی ئەوە بسەلمێنم کە ئاخۆ دەتوانم لاپەڕەکانی عومرێک، وەکو لاپەڕەکانی رۆژمێرێک لێ بکەمەوە و پەیتا پەیتا دەرخواردی بەرابردووکردنی ژیانێکی بدەم لەگەڵ ئەم جحێڵەی کە وێنە دەچوو، یاخۆ من وام دادەنا... توانای ئەوەی هەبێت لەبەر چەندین سۆنگە شایی بکات و سەر زمان و بن زمانیشی بووبووە ئەمڕۆ نا سبەی...

ماوەیەک بوو ئەو بەرنامە سەیر و رمۆکە بەسەرمدا باڵادەست بووبوو. بەش بەحاڵی خۆم بۆ ئەو زانیارییە دەوڵەمەندانە دەمگێڕایەوە کە لێرە و لەوێ، لە کتێبان و گۆڤارەکان و ئەو کچانەوە دەستم دەکەوتن کە شوویان کردبوو، بەتایبەتیش ئەو کچە دەموروخسار ئاوڵاوییەی کە بەفیتەرێکی هێند کرێت و بەدفەساڵ مێردی کردبوو، هەموو کیژە جرپن و عەییارەکان بەتەوسەوە لە بەینی خۆیاندا ناویان نابوو چەلەبی، هەمیشەش شەوە پڕ گیرودار و بێدارەکانی خۆی بۆ دەگێڕامەوە. ئای ئەو قسانەی چەند بەتام و بۆیەکی سەیرەوە دەدایە بەر گوێیەکانم، هەندێ جار گرافیکییانە روئیەی شتە هەستەوەرەکانم دەکرد. تووشی خۆکرۆژتنێکی ناوەکییانە دەبووم، چاوەکانم لە ژێر زەبر و زەنگی ئاسمانی پێڵووەکانمدا حەسرەتی توانەوەیەکی هەورینیان دەخواست و ورووژانی ترپەکانی دڵیشم هێندەی تر تراژیدییانە زاوزێیان دەکرد و جەستەمیان پێشکەش بەخوایەک دەکرد بێجگە لە دۆزەخ شتێکی تری نەگوراندبوو، تۆوی تینوێتییەکی لمین لە دەروونما چەکەرەی دەکرد، تینوێتییەک هەر تەنیا بریندارى گوللە دەتوانێ بۆ شکاندنی بکرووزێتەوە.. هەموو بەیانییەکی زوو کە لە باوەشی چڵکن و گریساوی ئەو فیتەرەوە دەهاتە دەرێ، بەپەلەپرووزێ

شتەکانی ئەنجام دەدا، کە دەهاتە ئامۆژگا، هێشتا پرچی ئاودامانی شایەدحاڵیی بۆ گلاوبوونی شەوێی دەدا!! تەڕایی دەردەدا، وێژینگە ناوبەناوە درێژەکانیشی دەلالەتی شەونخوونییە هەمەڕەنگەکانی بوون، باس و خواسە پڕ ماژەراو جۆش و خرۆشەکانی سەرتاپای وڵاتی گیانیان دەکردم بەئەشکەوتێکی چلێس و خەریک بوو لە حەژمەتان خۆمم هەڵدەلووشییە نێو بێوەرییەکی بێهاوتا و تینوێتییەکی تەلیسماوی، تینوێتییەکی لە شکان نەهاتوو، ئیتر کە هەڤاڵیش سەردانی دەکردین.. دەچوومە نێو حاڵەتێکی زاڵمانەی ئاوهاوە. سەرم، یان چاکترە بڵێم ئاوەزم دەستی بەکاڵبوونەوە دەکرد و هەموو موولوولەکانی ئازای گیانم دەبوون بەهەوشاری ئارەزوویەکی لە بن نەهاتوو، دەبوون بەزێیەکی بێدوایی و بۆ ئەوە هەڵپەیان دەکرد لە ئامێزیدا داربی ئاسا رەوت بگرن و شۆڕبنەوە. وزە و بارگەیەکی ناواخنیش وای دەورووژاندم وێنەی پشیلەیەک خۆمی پیادا هەڵبسووم و بەبارتەقای رەشەمێی دڵیشم مگێزی ئەوە بکەم ئەو مەرزانە ببەزێنم کە بەڕوواڵەت زۆر کەڕەت ملکەچیان دەبووم و بێزەوەریی و قەڵسییەکی لە وەسف بەدەریان پێ دەبەخشیم.. دەمویست وەکو منداڵێکی هاروهاج سەر بنێمە سەری و شەڕی پێ بفرۆشم. بەتەمای ئەوە بووم ئەنگێزەی بپێوم، دەست بۆ سمێڵی بەرم، گوێچکەکانی راتەکێنم، فرە سەیر بوو، بەئەندێشە وام وێنا دەکرد کە دان بەخۆیدا دەگرێت و سنووره شەفافەکانی ئەنگێزە دەبوێرێت.. هەندێ جاریش لەوە بەدگومان دەبووم کە باوەڕم بەنێرینەییەکەی هەبێ وا تێ دەهزریم کە بێشک بەرلەوەی بەیەکاچوون و تێکوەربوونێک وەدی بهێنێت رەنگە ئەویش وەکو دایکم رەدووی مەرگێک بکەوێت و لەم بێوەرییەدا، لەم تینوێتییە ئاگرین و شەیتانییەدا بەجێم بهێڵێت، ـ نەمدەزانی بۆچی وا بیرم دەکردەوە ـ هەتا منیش وەکو باوکم رەدووی هەوایەک بکەوم کە بەرەو دۆزەخی رەنجەڕۆیی رای دەدام و بەونبوونی دەسپاردم. ئەو، حەیف و خەسار، خوێندنەوە زەبەند و بەردەوامەکانی واقیعیان لە هرزدا کاڵ کردبووەوە، سەقامگیربوونی لە نێو کتێبە هەمە جۆرەکاندا شتەکانیان لێ گۆڕیبوو، دنیا و ژیان و شتەکانی تر هاوسەنگییان نەبوو، چونکە ئەو تەنیا فیکر و بیرکردنەوەی کردبووە چەق، فیکریش بەبێ کردەوە، بەبێ پیادەکردن، چی بەرهەم دەهێنێت..؟ پڕوپووچیی.. بێهوودەیی.. بێمانایی... بەهەر حاڵ هزری ئەو بووبووە کتێبخانەیەکی کشوماتی تۆز و خۆڵ لێنیشتووی شاراوە و زۆریش لە ژیان دووری خستبووەوە. وێنەی دەروێشێکی لێ

هاتبوو کە چوویێتە نێو جیهانی حاڵ و زیکرکردنەوە، وێدەچوو تەنیا وەکو روحێک هەڵبکات، روحێکی وشک هەڵگەڕاو کە بەدەربێت لە جەستەیەک پێداوێستی بەوە هەبێت کەفوکوڵ و هاڕووژانەکانی دامرکێنێتەوە و نیازە نادیار، بەڵام راستەقینەکانی وەدی بهێنرێت.

ئەو رۆژە سەرحەدە نادیارەکانی بیر و هەستم ئەمەندە هاودژ و نەیار بوون قەستم دەکرد دەبێ بەرپێواریان بکەم و وێنەی ئەو گەچەی کە هێڵکاری نێو گۆڕەپانی تۆپێنی پێ دەکرا بیانسڕمەوە و گەر بۆ چرکەساتێکیش بووە ئەو رەهایییە بژیم کە دڵۆپەکانی باران خوایی بوون. نەمتوانی، ئەو وەکو پیشەی هەردەمیی خۆی کەوتبووە نێو گێڕانەوەی باسوخواس و هەواڵە ژێرزەمینی و کاغەزییەکان!! تانوپۆی کتێبەکانی تاوتوێ دەکرد و پێناسەی ئاسایی بۆ مافەکانی رەگەزەکەی تر.. دادەڕێژا، منیش ژێرەکییانە پێکەنینم دەهات. زوو زوو پەیڤی ئافرەتی بەبەرجەستەکراویی بەکار دەبرد.. وەلێ بۆ من وەکو ئەوە وابوو کە لە دنیایەکی دیکەوە دەم بژەنێت کە هێندەی هەسارەکان لێیەوە دوور بێت. ماوەیەک بوو، هیچ نەبێ بۆ من بەدرێژ و بێکۆتایی دەچوو، دامنابوو، یان باشترە بڵێم حیکمەتی زەمەنم کردبووە سەرپشک بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەک بهاوێژێتە ئەو میانەوە، ئەگینا بەبۆچوونی خۆم دەبوومە چەند دێرێکی رەوانبێژی جوانکیلە لە دنیا سپیکەلانەکەی ئەو و دەیکردم بەمشتێک پیتی بزوێن و دەیدامە بەر ئەو گوێچکانەی گرەویدەی بیستنی ئەو وشە بێ ئارمان و لە قەوارە خاڵییانە بوون. بەڵام پاش زەمەنێکی رمۆک و مۆتەکەدار کە سنوورێکی دژوار بوو لە بەینماندا، تێفکرینێکی قووڵ، ئەو ئاوەژووکردنەوەیەی لە لادا کردم بەرەنگێکی کاڵی نادیار و لەو باوەڕەدا نەمام کە ئیتر زەمەن لەگەڵ خۆیدا هیچ بهێنێت، چونکە دەمزانی ئەو قۆزاخە سپییەکەی خۆی بەجێ ناهێڵێ.. بۆیە کەوتمە کەڵکەڵەوە، بەخەیاڵ هەستامە سەر پێیەکانم و دەستەکانم وەکو دەستە مڵەکانی مەدهۆشێکی لە قەڵاندۆشکان کراو لە ملیەوە داگێڕایە خوارەوە و لە مابەینی دوگمە بلوورییەکانی پیراهەنە خانەخانەکەیەوە کەوتمە نەوازشی وردە مووە لوول لوولەکانی سەر سینەی.. ئەو هەر بەردەوام بوو لە هەڵڕشتنی ئەو وشانەی کە لەو ساتەوەختەدا لە هەموو رەهەندێک رووتکار بوون و هیچ دنیایەکیان بۆ من ئافەریدە نەدەکرد.. هەستم کرد هەمبەر بەفریزی سەرشێتی حەزە ترسناک و قووڵەکان دەیەوێت بەربەستێک رایەڵ بکات، وەلێ من ئیتر هێند جەربەزەیی و بوێریم تێ گەڕابوو

بەجووڵانەوەیەکی جومناستیکییانە بەسەر خۆمدا وەرمگێڕا.. بەپڵنگێک هاوچوونیم پەیدا کردبوو کە چڵۆن لە مابەینی شەوێڵاگە داپچڕاوەکانیدا ئەمدیو و ئەودیوی بەنێچیرە بەپەلەقاژە کەوتووەکەی دەکرد.. دەمزانی پوورم بەم زووانە خۆی ناکات بەژووردا، بەڵام لەو چرکەساتەدا خۆزگەی ئەوەم خواست بزانم لەگەڵ ئەو بەقاڵە زمان ئەفسووناوییەدا باس لەچییەوە دەکەن وا ساکاو و سەرسام دەبێت؟! بەڵام بەدزیشەوە، وام بەباشتر دەزانی قسەکانی ببیەن بۆ جیهانی سیحراوییە دوورەکان و لە گەڕانەوە دوا بکەوێت، چونکە لێرە منیش لە خەیاڵ و ئەندێشە دنیایەکم بۆ دەرسکا ماڵی ئەو ژیانە یەکنەوایەم لە بیر دەچووەوە... ئینجا بەفرسەتم زانی دەستێکیم رەوانەی دەڤەری حەرامکراو کرد و رانەکانم خستییانە بەینەوە و لەوێدا توند گیریان کرد، دەستەکەی دیکەیشم ئۆتۆماتیکییانە بەرەو هەوزارە قیتەکانی سەرەوە بەڕێ خست، ئەو هەورازە هەرەمییانەی لەرزیان لەسەر لێوەکاندا دەکێلا، گرکانەکە دەستی پێ کردبوو بەڵام نەدەبینرا، لەگەڵ ئەوەیشدا بەهەڵگیرساو لە قەڵەم دەدرا، تازە کار لە کار ترازا بوو، دەردراوە ولاڤای ئاگرینی خۆی هەڵدەهێنایەوە. ئەویش وەک ئەوەی ریشۆڵەیەک بێت و کەوتبێتە نێو تۆڕەوە کۆششی خۆ راپسکاندنی بەرپا کردبوو، ئارەقە بۆرەکانی لاجانگ و تەوێڵیان لە شەلاڵیدا جێ هێشتبوو، پێ دەچوو هێندە نەبات ماڵئاوایی لەم دنیایە بکات و لارەوە بێت، چونکە ئەمە بەدنیای ئەو نەدەچوو، دنیایەکی دیکە ئەوی کردبوو بەکاغەز، خەساندبووی... نەخێر دنیای ئەو نەبوو، چونکە لە دنیاکەی ئەودا هەر ئینسان بوونی هەبوو، نێر و مێی تێدا نەبوو، ئینسانیش لە هەموو ئارەزوویەکی تاکڕەوانە رووتکار بوو. ئەو هەر لە ئێستاوە ماکەکانی پیریی پێوە دیاربوو، چونکە بێشک بەیەک گەیشتنی نێر و مێیانە پارێزگاری بەگەنجێتییەوە دەکات، بەپێچەوانەشەوە سەرجەم دنیای گەنجیی پەژمووردەیی بەخۆوە دەگرێت و پیر دەبێت، دووری ئەویش لە دنیای گەنجێتی دووری خستبووەوە و تووڕی هەڵدابووە نێو ئەو ژاکانە پێشوەختەوە. لە دنیاکەی ئەودا هەموو شتێک لەسەر کاغەز رووی دەدا، چونکە دنیاکەی ئەو لە کاغەز دروست کرابوو، لە نێو پیتە رەشەکاندا خۆی حەشار دابوو، هەر دەشبوایە لەوێدا نیشتەجێ بێت و بمێنێتەوە، لەو دنیایەدا زیندەگی ئەو زیندەگییەکی بەزایەچوو بوو، نەدەبینرا. بۆ ساتەوەختێک غەریزەم لە کارکەوت و بووم بەمۆنیوومێنتی بێ ئومێدییەکی بەردین، دواسا گەیشتمە وێستگەی ئەو قەناعەتەی کەوا من لەگەڵ پیاوێکی نادیاردام،

پیـاوێک کـه کـەوتـووەتە ژێر بـەزەیی هەسـتـه بەتینەکـانـی ژیانی مـن و بووەتە پەڕەیەکی سووتاوی خاش و پەرتوبڵاو.

قسەکانی ئەو، سـەراپای وەختیـان قـوت دابوو، کارەباش، بـووبووە مەلێک و بۆ ئـاسمـانە دوورەکـان رەوی کـردبـوو، یەکنەواییش هـەمـوو شـتـێکی خـستـبـووە ئامـێزەوە، خـەڵتـانی ئارەقەیەکی بۆ دڕناوی بووبووم، گەرمـایی تەنانەت پێستەکەشی دەتواندمـەوە و دەیکرد بەو دڵۆپانـەی کـه سـەروەری جـووڵەکـردنن.. لەو کـاتـەدا گـڵـۆپەکـانی ناوەوەم، گـڵـۆپی بڕیارە تازەکان کەوتنە تیشکدانەوە.. هەندێک خـولەکی قـورس بەلامـاندا رابوردن، بـانگی نیـوەڕۆ حاجی لەقلەقێکی بێگەرد بوو له گوێچکەکانمدا هێلانەی کرد.. ڕۆشناییەک کۆسپەی لەبەر دیدەکـانمدا دروست کـرد، کۆمـەڵێک له نیگا ناواخنەکـانم کشـان، پەلەقـاژێکانیـان ئەندازەی بەژن و باڵا ترسـنۆکەکەی ئەویـان دەپێوا، کـاتـێ کـه زایەڵە و جـیـڕەی کـردنەوەی دەرگـەکـه کـەوتە سـەدادانەوە، قـەدەرێک بوو، دەتگۆ له ئەزەلەوەیە کـه ئاوا لێک جـودا و دابـڕاوین، مـەبەسـتـم ئەوەیە له دەرەوەی خـەیاڵدا جـودایـن. سـەربار پەییم بـەوەش برد کـه ئەم جیـابوونەوەیە هـەمـیـشـەییـیـە، چونکه ئیـدی ناگـەهان درکم بەو کـەنداوە بەرین و فـراوانە کردبوو که له نێوانی هەستەکانمدا قـوت بووبووەوە، له ئەنجامی ئەمـەشدا دەبووایە هەست و خـواسـتـەکـانم بشـارمەوە.. هەسـتم بەوە کـرد کـه ئەگەر ئەمـە یەکـجـاری نەبێت ئەوا ژیانی منیش دەبێتە شـتێکی ناچیز و له پەراوێزی پەراوێزەکاندا وەکو گەڵایەکی سـووکەڵە بەبیری هـەواکانی پـایزێکی کامڵدا ختـووره دەکات و دەکەوێتـه کوشـتـارگەیەکی زەردەوە، ئەوجایش دەبێ بەوە رازی بم کـه بۆ سـەرزەمـانێک، سـەرزەمـانێکی درێژتر له تـەمـەن ئاوا بەخـەیاڵ ببوێرم و بەپیریی بژیم..

لەندەن – ئازاری ٢٠٠٧